السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# سیخوڕێک لە موشریکەکان هات (بۆ سیخوڕی کردن بەسەر) پێغەمبەرەوە -صلی اللە علیە وسلم- لە کاتێکدا لە سەفەردا بوو

لە سەلەمەی کوڕی ئەکوعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «سیخوڕێک لە موشریکەکان هات (بۆ سیخوڕی کردن بەسەر) پێغەمبەرەوە -صلی اللە علیە وسلم- لە کاتێکدا لە سەفەردا بوو، سیخوڕەکە لە نێو هاوەڵان دانیشتبوو وقسەی لەگەڵیاندا کرد، پاشان شوێنەکەی جێهێشت، پاشان پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: «بڕۆن وشوێنی بکەون وبیکوژن»، (سەلەمە) دەڵێـت: ومنیش کوشتم، بەهۆی ئەمەوە پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- پشکی (بەشی لە دەستکەوتەکانی جەنگی) پیاوەکەی پێدام». ولە گێڕانەوەیەکدا: «فەرمووی: کێ ئەو پیاوەی کوشت؟ ووتیان: کوڕی ئەکوەع -ئیبن ئەکوەع-، -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: «هەموو پشکەکانی (بەشی لە دەستکەوتەکانی جەنگی) پیاوەکە بۆ ئەو دەبێت».».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە حوکمی شەریعەتی ئیسلامی تێدایە سەبارەت بە سیخوڕی کردنی ئەو کافرانەی کە لە جەنگدان بەرامبەر مسوڵمانان، سەلەمەی کوڕی ئەکوەع -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (سیخوڕێک لە موشریکەکان هات -بۆ سیخوڕی کردن بەسەر- پێغەمبەرەوە -صلی اللە علیە وسلم-): ولە فەرموودەکەدا بە (عَین) واتا: چاو؛ باسی سیخوڕەکە کراوە چونکە زۆرینەی کاری سیخوڕی کردن بە چاو ئەنجامدەدرێت وزۆر بە قووڵی وگرنگیەوە سەیری دەکرد هەروەکو ئەوا وابێت هەموو لاشەی چاو بێت. سەلەمە دەڵێت: (لە کاتێکدا -پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم- لە سەفەردا بوو). پاشان دەڵێت: (سیخوڕەکە لە نێو هاوەڵان دانیشتبوو وقسەی لەگەڵیاندا کرد، پاشان شوێنەکەی جێهێشت، پاشان پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- فەرمووی: «بڕۆن وشوێنی بکەون وبیکوژن»، ومنیش کوشتم، بەهۆی ئەمەوە پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- پشکی -بەشی لە دەستکەوتەکانی جەنگی- پیاوەکەی پێدام»): واتا پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- دەستکەوتەکانی جەنگی پیاوەکەی وەکو زیادەیەک وپاداشتێک بەخشی بە سەلەمە، ولە فەرموودەکە بە وشەی (سَلَبە) ناوی ئەو شتانە هێنراوە کە بەخشرا بە سەلەمەوە ئەمیش بە واتای لێسەندنەوە دێت چونکە لە پیاوەکە دەسێندرێتەوە پاش ئەوەی کوژرا وەدەرێت بە سەلەمە وئەم دەستکەیە(سَلَبە)یە بریتیە لە: سواریەکە -ئەسپ یان وشتر- وشتومەکەکانی سەر پشتی لە چەک وخواردن وئاڵتون وزیو.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2939

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee